# سەرنجێک لەسەر بن زاراوەی کوردیی دانیشتووانی شاری بۆکان

## بۆ یادی شەهیدی دەستی دەمارگیریی حزبی، نەمر "تەها پارسا"

ئەنوەر سوڵتانی

*زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و وەک هەموو دیاردەیەکی دیکەی جیهان و ژیان لە گۆڕانکاریی بەردەوامدایە بەشێوەیەک کە دەگوترێ ئەو گۆڕانە دەوروبەری هەموو پێنج ساڵێک هەستی پێدەکرێ؛ بەتایبەت لە سەردەمی ئینترنێت و ژیریی دەستکرد دا کە بەرەوپێشچوونی لە هەموو بوارێکی ژیاندا بەچەندقات خێراترکردووە. ئەم دێڕانەی خوارەوە لەسەر بنەمای زانیاریی ڕاستەوخۆی من لە ماوەی چل ساڵێک ژیان و پەیوەندی ڕاستەوخۆم لەگەڵ شار و خەڵکی بۆکاندا نووسراوە و ئێستا کە چل ساڵێکیشە شیرازەی ئەو پەیوەندییە نزیکە پچڕاوە و لە دوورە وڵاتی دەژیم، ئاشکرایە بۆچوون و بڕیاردانەکەم هەڵەئامێز و جێگەی ڕەخنە بێت. سەرەڕای ئەوە و بەهۆی گرنگایەتیی بابەتەکەوە کۆمەڵەی زانیارییەکانی خۆم، با ناتەواویش بن کە هەن، گەڵاڵە دەکەم و دەیخەمە بەرچاو بەو هیوایەی کەسانی پیشەیی و پسپۆڕی زمانەوان وەک دۆکتۆر جەعفەری شێخولئیسلامی و دوکتۆڕ ڕەشیدی کرمانج کە خۆیان خەڵکی ناوچەکە و زانای بواری زمانەوانین، ئاوڕی لێبدەنەوە و هەڵینسەنگێنن بۆ ئەوەی دەراوەکە ڕوون ببێتەوە و شوێنانەیەتیی بن زاراوەی خەڵکی بۆکان لە ناو زمانی نەتەوایەتی کوردی و زاراوەی موکریانیدا دیاری بکرێت.*

*****

بۆکان کەوتۆتە باشووری ناوچەی موکریان و شێوەزمانی خەڵکەکەشی کوردیی 'موکریانی'یە. ئەوە بۆچوونی گشتیی خەڵکی ئاسایی و زمانەوانان هەردوکیانە. بەڵام وردبوونەوە لە هەڵکەوتەی جوغرافیای موکریان واهەیە زانیارییەکی زیاتر لەو بۆچوونە گشتییەمان بداتێ. ئەو جوغرافیایە بەتایبەت لە مێژووی سەدساڵی سەدەی بیستەمدا هەندێک بەرز ونزمی بەخۆیەوە بینیوە و لە دوایین دابەشکردنی ئوستان

(پارێزگا)کانی ئێراندا بەسەرجەمی کەوتۆتە ناو ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوایی.[1]

- لە بەری باکوور و ڕۆژئاوای ناوچەکە زاراوەی کرمانجیی ژووروو زاڵە
- دانیشتووانی دوایین هێڵی بەشی باکووری موکریان "زەرزا"کانن کە هاوسنووری خوشک وبرایانی "هەرکی"ن
- لە بەری باشووری ناوچەکەشدا شێوەزاری ئەردەڵانی زاڵە، کە ئەویش وەک موکریانی لقێکی زاراوەی سۆرانی یان کردمانجیی ناوەڕاستە
- بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتیش شوێنی ژیانی ئەو کوردانەیە وا بە کەلهوڕی (ذواردۆڵی) دەدوێن
- ئەوەی پێیدەگوترێ شێوەزاری 'موکریانی' لە نێوان ئەو سێ زاراوانە هەڵکەوتووە
- دیارە دیوارێکی جیاکەرەوە لە نێوان شێوەزاری موکریانی و ئەوانی دیکەدا نەکشاوە و بەگشتی لە خاڵی پێکگەیشتنیاندا شوێنی خۆڵەمێشی هەن کە نیشانەی دوو شێوەیان بەسەرەوەیە. ئەو هاوبەشیی و تێکەڵاوییە لە باکوور لە شێوەزاری زازاکان و لە باشوور لە شێوەزاری خەڵکی بۆکاندا دەردەکەوێت.

من کە خۆم خەڵکی بۆکانم، لەوێ خوێندوومە و ئیش وکارم کردووە، ئاگاداری ئەوە هەم کە شێوەزاری غاڵب لە نێو شارەکە موکریانییە، بەڵام لە ئاخەفتنی ئەندامانی کۆمەڵگاکەدا، بە گوێرەی بنەماڵە و تاکەکەس نفووزی شێوەی ئەردەڵانیش هەست پێدەکرێت بە تایبەت کە هەر ئەوەندەی لە شار بچیە دەرەوە و بەرەو ڕۆژهەڵات یان باشوور بڕۆی، ئیتر دەبێتە ناوچەی "فەیزوڵڵابەگی"یان و هەر لە یەکەم و دووەم گوندی

---

[1] بەوپێیە تێرمی موکریان لە هەندێک شوێنی وەک نەغەدە و میاندواو و ساینقەڵا دا تورکانی ئازەربایجانیشی گرتۆتەبەر.

وەک یەکشەوە و ئالْبلاغ یان حەسار و تبت بەرەو ڕۆژهەڵات و باشوور، وردەوردە خەستایی شێوەزاری ئەردەڵانی زیاتر دەبێت و بە هەمان ڕادە ڕەنگی موکریانی کاڵ دەبێتەوە، بارودۆخێک کە تا سەقز و دیواندەرە درێژە دەکێشێ و لە شاری سنەدا دەبێتە ئەردەڵانییەکی تۆخ.

شێوەزاری موکریانی، کە ناوەندە سەرەکییەکەی شاری مەهاباد لە ڕۆژئاوای بۆکانە و خەڵکی سەردەشت لە بەری باشووری ڕۆژئاوای بۆکانیش قسەی پێدەکەن، بە بێ هیچ بەرهەڵستێک لە مەهابادەوە دەگاتە سەرچۆمی بۆکان (تەتەهوو)، بە تایبەت کە ئاوایی و مڵک وماڵی ئاغاواتی دێبوکری (وەک ئاخێوەرانی شێوەی موکریانی) بۆ نموونە لە لای ئاجیکەند و سێوەدین و عەزیزکەندەوە تا دەگاتە سەر چۆمەکە کشاون- و دێبوکرییان بەگشتی لە هەموو گوندەکانی نێوان مەهاباد و بۆکاندا نیشتەجێن. ئەو نفووز و دەسەڵاتە لە بەری باکووری ڕۆژئاوای بۆکان تەنانەت لە چۆمەکەش دەپەڕێتەوە و بەرەو میاندواو و ساینقەڵا لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی بۆکان دەڕوا- گوندی وشتەپە، ناچیت و عەلی ئابادی دێبوکرییەکان ڕاست لەم بەشەدا هەڵکەوتوون.

بە حیسابێکی ساکار، شێوەی موکریانی کەوتۆتە بەری ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای شاری بۆکان بەڵام شێوەی ئەردەڵانی لە بەشێ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتدا باڵادەستە. ئەو باڵادەستییەش کوتوپڕ سەرهەڵنادات بەڵکوو هەندێ دیاردەی ئەردەڵانی لەڕۆژهەڵات و باشووری شار دەردەکەون کە لە بەری ڕۆژئاوایدا هەستیان پێناکرێ و لەوانە، بەکارهێنانی پێشگری کردارییی /ئە/، کە لە داهاتووی ئیخباریدا دەبێتە جێگری /دە/ی موکریانی: ئەڕۆم و ئەڵێم لە جیاتی دەڕۆم و دەڵێم و ......

شێوەی ئەردەڵانیش ڕاست لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و دەرەوەی شارەوە دەکشێ تا دەگاتە سەر چۆمی جەغەتوو و ناوچەی تیکانتەپەی هەوشار واتە شاری تیکاب و پاشان ساینقەڵا، کە کەوتوونەتە ئەوپەڕی جەغەتوو

بەرەو شاری زەنجان و مەراغەی تورکی ئازەربایجانی. لەو شوێنە تایبەتەدا ئێمە شاهیدی بن زاراوەیەکی دیکە دەبین کە چواردۆڵی یان چارداوەڕوویی بێت- بن زاراوەیەک کە دیاردەی کەلهوڕیی ناوچەی کرماشان بەسەریدا زاڵە و هەر لەڕاستیشدا لقێکی کەلهوڕییە کە ئاخێوەرانی واهەیە لە ئەنجامی کۆچی زۆرەملێی حاکمانی ئێران لە ڕابردوودا پەڕیوەی ئەو شوێنە بووبێتن لەبەر ئەوەی لەوێ تا ڕادەیەک تەریک کەوتوون گەرچی خێڵ و گرووپی زمانیی دیکەی وەک ئەوان، بۆ نموونە، "گەڕووسی" واتە زاراوەی خەڵکی ناوچەی "بیجاڕ"، هەندێ دوورتر، بەرەو باشوور دەبینرێن. ناوچەکەشیان بەهەندێ تێکەڵاوی یاخود بە شێوەی پچڕان و دابڕان، لەو شوێنانەوە بە ڕۆژهەڵاتی شاری سەقز و دیواندەرەدا دەکشێ و تا بیجاڕی گەڕووس درێژە پەیدا دەکات.

واهەیە لە هەندێک سەرچاوەدا ناوچەی ناسراو بە چارداوەڕوویی وەک بەشێک لە موکریان حیسابی تەواوی بۆ نەکرابێت بەڵام لە ڕابردوو دا ئەوێ و تەنانەت هەموو ناوچەکە بە میاندواو و مەراغەشەوە، بەشێک لە موکریان بوون.[٢] چواردۆڵییەکانی ئەو ناوچەیە بە شێوەزمانی کەلهوڕی تێکەڵاو بە ئەردەڵانی دەئاخفن. بەشێک لە چواردۆڵییەکان لە کۆنەوە هاتوونەتە ناو بۆکان و تێکەڵاوی خەباتی نەتەوایەتیی و فەرهەنگیی کورد بوون؛[٣] بەتایبەت دوای هاتنەسەرحوکمی مەلاکانی کۆماری ئیسلامی، زۆرێکیان لە ناو بۆکاندا نیشتەجێ بوون و ئێستا بەشێک لە دەسەڵاتی خۆجێ یی ناوچەی بۆکانیان بەدەستەوەیە. هەڵسەنگاندنی شێوەزمانی خەڵکی بۆکان و ناوچەی دەوروبەری بێ لەبەرچاوگرتنی بن زاراوەی ئەو کەمایەتییە گرنگە، ناتەواو دەبێ.

---

[٢] بەپێچەوانە، لە سەردەمێکدا شاری بۆکان خۆیشی سەر بە شاری مەراغە بووە.

[٣] گۆرانیبێژی نەمر سەید محەممەدی سەفایی لە سەیدەکانی سەفاخانە، یەک لە کەسایەتییە ناودارەکانی ئەوپەڕی جەغەتووە کە لە گۆرانییەکانیدا بۆکانی بە شاری خۆی ناوبردووە.

هەرچۆنێک بێ، شاری بۆکان وەک جەنگە و ناوەندی پێک گەیشتنی ئەو سێ زاراوانە (موکریانی، ئەردەڵانی و کەلهوڕی) تایبەتمەندییەک بەخۆیەوە دەگرێ کە جێگەی سەرنجی تایبەتە. دانیشتووانی شارەکەش بەگوێرەی بنەما و ئەسڵییەتی ئەو شوێنەی باووباپیرانیان لەوێوە هاتبنە ناوبۆکان، واهەیە ووردە جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەوانیتردا هەبێت بەڵام شێوەزاری زاڵ و سەرەکی لە شارەکەدا موکریانییە و بێگومان لەو زاڵبوونەدا شێوەزاری حاکمانی شار دەوری بینیوە. چوار سەرداری بۆکان (عەزیز خان، سەیفەدین خان، حەمەحسێن خان و عەلی خان) هەروەها ئاغاواتی ئێلخانی زادە و موهتەدی و عەلیار و قارەمانی و حەمیدی و عەبباسی و بەگشتی عەشیرەتی دێبوکری، ئاخێوەری موکریانی بوون و ئەو دەسەڵاتدارییەتییە وەک چۆن لە ڕەوتی زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی شارەکە و گۆڕانی لە خەڵکی گوندی بۆکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە بۆ ئاپۆرەی 'شاروچکە (بەخش)'ی بۆکان[٤] تا ئەو حەشیمەتە زۆرەی ئێستای 'شارستان'ی بۆکان[٥]دا، کاریگەریی بووە، دەبێ لە قورسایی شێوەزاری موکریانی لە قسەکردنی خەڵکی ناو شاری بۆکانیشدا دەوری بینیبێ. بەڵام چۆن و بە چ ڕادەیەک، جێگەی پرسیار و لێکۆڵینەوەیە.

هەروەها ئەو پرسیارەش سەرهەڵدەدات کە پێش هاتنی عەزیزخانی سەردار لە نستانی سەردەشتەوە بۆ بۆکان، زمانی قسەکردنی دانیشتووانی گوندی بۆکان چی و لە چ دۆخێکدا بووە؟ ئایا سەرجەم موکریانی بوون و ئەردەڵانی درەنگتر وردەوردە خزاوەتە نێو زاراوەکەیان یا بە پێچەوانە، ئەوانیش وەک خەڵکی شاری سەقز و گوندەکانی باکووری ئەو، بە ئەردەڵانی قسەیان کردووە و هاتنی سەردارەکان و عەشیرەتی دەستڕۆیشتووی دێبوکری لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم تا

[٤] لە ١٣٢٣ی هەتاوی (١٩٤٤ز) بەدواوە کە بۆکان لە گوندەوە بوو بە 'بەخش'.
[٥] لە ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٨٩ز) بەدواوە کە بۆکان لە بەخشەوە بوو بە 'شارستان'.

ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم، قورسایی شێوەی موکرییان لەوێدا زیاتر کردووە و گەیاندوویانەتە ئەو پێگەیەی ئێستا؟

بە تەنیشت ئەو شێوە و بن شێوە زمانە کوردییانەوە چەند زمانی بێگانەش کەم و زۆر شوێنیان لەسەر ئاخافتنی خەڵکی بۆکان داناوە. یەکەم، تورکیی ئازەربایجانی: بە هۆی شوێنایەتی شار و ناوچەکە، بۆکان وەک بەشێک لە موکریان، بۆ ماوەیەکی زیاد لە سەدساڵ، ویلایەتێک بووە لە ئەیالەتی ئازەربایجان و دواتر بووە بە بەشێک لە 'ئوستان'ی ئازەربایجان، دواتریش کە ئازەربایجان بوو بە دوو لقی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی، بۆکان کەوتە بەشی ڕۆژئاواییەکەی، هاتووچۆیەکی زۆر لە نێوان بۆکان و شارە تورک نشینەکاندا هاتۆتە ئاراوە و هەندێک لە فەرمانبەرانی دەوڵەتی بە تایبەت سەرۆکی دەوائیر و پۆلیس و ژاندارم، تورک بوون. هەروەها کەسب وکاری بازرگانیی تاجرەکانی بۆکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە دا لە شاری هەمەدانەوە ڕاگوێزرایە شاری زەنگان (زەنجان) و پاشان تەورێز و بەوەش پەیوەندییەکانی خەڵک لەگەڵ تورک زمانەکان پتەوتر بوو. لە ئەنجامدا، زمانی خەڵکی شارەکە هەندێ دیاردەی زمانی تورکیی وەرگرت. ئەو دیاردانە بەگشتی خۆیان لە 'ووشە'دا دەردەخەن تا پێکهاتەی ڕستە و دەربڕین. ئێستا خەڵکەکە لە جیاتی ووشەی پەتاتە کەڵک لە یەرەڵماسی (یەر = زەوی + ئەڵما = سێو + سی = هی) یان باینجانی سوور کە هەمان قرمزی بادینجانی تورکییە، لەجیاتی تەماتە، هەروەها ئەگریجە، ئارا، داڵغە و چەند ووشەیەکی دیکە.

دووەم، زمانی فارسی. فارسی بە گشتی لە ڕێگەی ئەدەبیاتەوە خزاوەتە ناو زمانی خەڵکەکەوە. فەقێی مزگەوتەکان سەرەتای دەرس خوێندنیان بە گوڵستان و بۆستانی سەعدی دەست پێکردووە و شیعری حافز و مەولەویش هەر لەوێ بۆتە ناسیاوی گوێیان، یاخود موناجات و پەسنی خودا وپێغەمبەری سەنایی غەزنەوی و عیراقی لەگەڵ بانگ و سەلا، لە منارەی مزگەوتەکانەوە بەگوێی خەڵکدا دراوە. لە شەڕە شێعر (مشاعرە)دا، کە تا ساڵانی ناوەڕاست سەدەی بیستەمیش زۆر باو بوو،

لایەنەکان بە یەک شێوە دەیانتوانی شیعری کوردی یان فارسی بهێننەوە. درەنگتر بەتایبەت دوای ساڵی ١٣٠٧ (١٩٢٨) و کرانەوەی فێرگە فەرمییەکان لە شار و گوند، زمانی فارسی نەک هەر برەوی پەیدا کرد بەڵکوو بوو بە زمانێکی فاخیری گرنگ کە توێژی ئێلیت واتە خوێندەوارەکان دەیانتوانی بیزانن و لە قسەکردن و شەڕە شیعردا بەناوەرۆکتر خۆبنوێنن و دەستێکی باڵاتریان هەبێ. دواتر لە سەردەمی ڕۆژنامەگەریدا، بە تایبەت دوای سیاسەتی ڕەزاشاهیی یەک وڵات، یەک زمان و یەک ئایین، کە زمانی کوردی بەربەستی توندی لەسەر دانرابوو، تەنیا ڕۆژنامە و گۆڤارێک کە دەگەیشتە دەست خەڵک، بەزمانی فارسی بوو کە کە تاران، یان بە دەگمەن لە تەورێز چاپ دەکران. لەبەر هۆکاری سیاسی، یاخود بەهۆی نەبوونی ڕێگاوبان و پەیوەندی کەمی بۆکان لەگەڵ کرماشان و سنەوە، هیچ ڕۆژنامەیەکی فارسیی چاپی کرماشان یان سنە نەدەگەیشتە بۆکان و بە گشتی موکریان. ڕۆژنامەش شوێنێکی زۆری لەسەر بڵاوبوونەوەی زمانی فارسی لەناوچەکە دانا. ئیتر کە ڕادیۆ و پاشان تەلەفیزیۆن و لەمدواییانەدا کەمپیوتەر و تەلەفونی مۆبایل چووە ناو ماڵانەوە، فارسیش لە ڕێگەی بەرنامەکانیانەوە بۆ هاوڕا و هاودەنگ و هەواڵدەری ڕۆژانەی خەڵکەکە. ئەنجام، سەدان تەرکیبی سەیر و سەمەرەی زمانی فارسی بوونە جێگرەوەی تەرکیب و ڕستە و عیبارەت و ووشەی کوردی بە شێوەیەک کە ئەگەر سیاسەتێکی فریاگوزاریی نەتەوەیی فریایان نەکەوێ، وورردە وورردە زمانی خەڵکەکە تووشی گۆڕانی ڕۆژانە دێت و ئەو بەڵایەی بەسەر لوڕستان و کرماشان و تا ڕادەیەک سنەدا هاتووە. ئاوقای ملی شار و ناوچەی بۆکانیش دەبێت واتە چەمک و ناوەرۆکی قسە دەبێتە فارسی و ئەوەی بۆ کوردی دەمێنێتەوە کردار و ڕەبتی کۆتایی ڕستەکان دەبێ و ئیتر هیچ!

سێهەم زمانی ئینگلیزی و زمانە ئوروپاییەکانیتر. ئەوەش خۆی مەقوولەیەکە و مێژوو، ڕەوت و داهاتووی هەیە و دەبیێت. جێگەی

خۆیەتی ئەگەر یەخەی کورد لەدەست زمانی زۆرەملێی دراوسێکانی ڕزگار بێت، بیرێک لەویش بکاتەوە کە ئەگەر ئێستاش نەبن، لە درێژەی کاردا دەبنە مەترسییەکی گەورەی داهاتووی زمانی ناوچەکە و بۆکانیش یەک لەوان.

٢٠٢٤/٥/٣١